# (ڤیان)ی ژن و گەریلا و فەرماندە

**ئۆژین کەرکوکی**

له مێژوی بزاڤی رزگاریخوازی گەلی کوردا، لـه سـەدەکانی رابـردو تـاوەکو ئێستا، هـیچ بزوتنـەوە و پـارت و حەرەکەتێك نەیتوانیوە (ژن) شانبەشانی پیاوان والێبکات و بجولێنیّ بەوەی هەست به کەسایەتی خـۆی بکـات و وەکو مرۆڤێك له بونی خۆی وگەل و کاریگەری نێو کۆمەلگا بڕوانێت.. باس لەوە ناکەم تاکە تاکە و لێرەو لەویّ ژنانێـك هـەبوبن شـوێن دەسـتیان دیاربێـت لـەنێو کێشـەی ژن و گەلەکەیانـدا.. شۆڕشـەکانی جیهـانیش ئـەوەیان سـەلماندوە لـە خـەبات و بەرخودانـدا ژنـان هاوشـانی پیـاوان تێکۆشـاون و کاریگـەریان هـەبوە لـە سـەرکەوتن و درێژەکێشانی.. لەناو گەلی کوردیشدا تاکە بزوتنەوە تـوانیبێتی ژن چـەکدار بکـات و وایرابێنێـت بـەدوای ئـازادی خۆی و میللەتەکەیدا بگەڕێت و خەباتی بۆ بکات، تەنها (پارتی کرێکارانی کوردستان) بوە، کە بوەتـە قوتابخانـە و فێرگەی تێکۆشان و خەباتی ژنان و کچان، کە تا هەنوکەش بەردەوامە و درێژەی هەیە و دلّنیاشم ناسرەون تـا سەرکەوتنی یەکجارەکی بەدەستدەهێنن.. زۆر گرنـگ و جێگەی سەرسوڕمانی زۆرێکـە، لـە هەلومـەرجی ئێسـتای کوردسـتاندا بـە تایبـەتی و بـە بـەراورد لەگـەلّ ئـەو حـزب و لایەنـە سیاسـیانەی ئـەمرۆی گۆڕەپـانی باشـوری کوردستان و جیهان بەگشتی، کەسێك هەبێت ئەوەندە بڕوای تۆکمە و پتەوبێت بە بیروباوەڕو پارت و سـەرکردە و مافەرەواکانی گەلەکـەی، خـۆی بـە دەسـتی خـۆی، خـۆی بکاتـە قوربـانی و شـەوە زەنگـی داگیرکـاری بـە ئـاگری جەستەی رونـاك بکاتـەوە و کارێـك بکـات تـا هەتایـە لـە ویـژدانی تێکۆشـەراندا بـە زینـدویی بمێنێتـەوە و بـاس بکرێت.

هەڤالّ ڤیان ئەو تێکۆشەرەی بە یادەوەریە تالّەکانی گوت (نا) بۆ ئەوەی جارێکی دی ئازار بخەنـە نێـو دلّ و دەرونمانـەوە، ئەو کچەی بەسەر بلّندی چەکی شەرەفی کردە شان و دلّسۆزانەش بۆ ژیان خۆی کردە قوربانی، کـە دەبیّ گەلی کورد لە هەر جێیەکی جیهاندان شانازی پێوە بکەن و دەبێت ئەو بڕوایەیان لا دروستبێت کـە ئێمـەی کـورد تـا خـاوەنی ڤیـان و ڤیـان ئاسـاکان و بیروباوەڕیـانبین قـەت مـومکین نیـە سـەر نەکـەوین و سـەربەرز و شـەرەفمەند نـەژین، بێگومـان ئـازادی یـەکجارەکی و سـەربەخۆیی کوردسـتانیش لـە بیروبـاوەڕو لولـەی چـەکی هەڤالّەکانیەوە دەستەبەردەبێت، مەشخەلّی جەسـتەی ڤیـان دوژمنـان و ناحـەزانی ئـەم گەلـەی هێنایـە لـەرزین، دەبیّ نـەیارانی کـورد بـاش بـزانن هـەر هـاوریّ و هاوسـەنگەرێکی هـەڤالّ ڤیـان، ڤیانێکـە و بورکانێکـە بـۆ گیـانی ئەوان..

شەرمەزاری بۆ دوژمنان و ئەوانەی دوژمن ئاسا لە خەباتی رەوای گەلەکەیان دەڕوانن و رێگری دەکەن..

سلاّو و درود بـۆ گیـان و روحیانـەتی فەرمانـدە و کـادیری ژن، هـەڤالّ ڤیـان.. سـەرکەوتو بێـت خـەباتی رەوای گەلەکەمان.